الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# حکومەتی بەریتانیا بەرپرسە لە ژیان و سەلامەتی ئەو پەنابەرانەی کە دیپۆرتی کوردستانی کردنەوە

**بۆ وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا**

بە پێی ئەو هەوالآنەی کە دوێنێ 10/8 لە کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتووە، ئەو 15 پەنابەرەی کە ڕۆژی 2005/11/21 وە ئەو 32 پەنابەرەی کە 06/9/5 بە کەلەپچەکراوی و لێدان و جلوبەرگی سەربازیەوە سواری فڕۆکەی سەربازی کران و بە زۆر نێردرانەوە بۆ کوردستان ئێستا لە بارودۆخێکی دەروونی زۆر خرپدا ژیان دەگوزەرێنن. یەکێک لەو پەنابەرانە تا ئێستا لە زیندانی پارتیدا ڕاگیراوە و لە ژێر فشاری دەرونیدا چەندین جار بە بەکارهێنانی گوێزان هەوڵی خۆکوژی داوە. یەکێکی تر لەو پەنابەرانە بە ناوی بورهان نامیق لە ئەنجامی ئەو مامەڵە نا مرۆڤانەیەی کە ڕووبەڕوی بوەتەوە تووشی نەخۆشی دڵ بووەو ئێستا لە نەخۆشخانەدا کەووتوە.

بەکارهێنانی ئەو هەموو فشارو مامەڵە خراپەی دەوڵەتی بەریتانیا دژی پەنابەران، بەتایبەتی پەنابەرانی کورد پێچەوانەو پێشێلکردنی بنەماکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و بڕیارنامەی جنێڤی 1951ی نەتەوە یەکگرتووەکانەو دەبێ ڕابگیرێت.

فیدراسیوۆنی پەنابەران نامەی چەندێک لەوپەنابەرانەی بەدەست گەیشتووەو لەنامەکانیاندا ئەوە ئاشکرا دەکەن کە لەکاتی دەستبەسەرکردن و دیپۆرتکردنەوەیاندا ڕووبەڕوی ئازاردانی جسمی و دەروونی بوونەتەوە، لە ژووری تەنیادا ڕاگیراون و لە هەموو پەیوەندیەکی دەرەکی بێبەش کراون. هەروەها ئاشکرای دەکەن کە مەلەفی ساختە بۆ هەندێکیان دروستکراوە کە گوایە داوای پەنابەریەکەیان ڕەتکراوەتەوەو و مۆڵەتی مانەوەیان کۆتایی هاتووە تا بەمجۆرە پاساوی دیپۆرتکردنەوەیان بسەلمێنن . لەژێر ئەو هەموو فشارو مامەڵە نامرۆڤانەیەدا و وەک ڕێگەیەک بۆ خۆڕزگارکردن، چەندین جار هەوڵی خۆکوژیان داوە.

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەپاڵ دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایەتی توندی دژ بەم سیاسەت و مامەڵە نا ئینسانی و دژی پەنابەریەی دەوڵەتی بەریتانیا، داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لە بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق(CSDIRAQ ) دەکات بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم پێشیلکاریانەی دەوڵەتی بەریتانیا. هەروەها ڕونکردنەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بە پێویست دەزانێت:

1- نابێت هیچ پەنابەرێک بەبێ ڕەزامەندی خۆی و لەژێر فشاردا دیپۆرت بکرێتەوە، بەڵام دەوڵەتی بەریتانیا بە پێچەوانەی ئەم بنەما سەرەتاییەی مافی مرۆڤ، نە تەنها بەبێ ڕەزامەندی بەڵکو بە دەستبەستراوی و بەبێ ئیمزاکردنی هیچ بەڵگەنامەیەکی گەڕانەوە پەنابەرانی کوردی دیپۆرت کردووەتەوە.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ئاگاداری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران نەبووە و هیچ ڕێکەوتنێک لەئارادا نەبووە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا دەوڵەتی بەریتانیا بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە بڕیارنامەی جنێڤی 1951ی پێشێلکردووەو کارێکی نا یاسایی ئەنجامداوە.

3- ئەو کەسانەی دیپۆرتکراونەتەوە بەسەردان و سەفەر نەهاتبوون بۆ بەریتانیا، ئەوان کەسانێک بوون کە لە ئەنجامی فشاری سیاسیدا هەڵهاتبوون و بە شێوەیەکی یاسایی داوای مافی پەنابەریان کردبوو، وە زۆربەیان ماوەی 6 تا 8 ساڵ لە وولاتی بەریتانیادا ژیانیان بەسەربردبوو.

4- دەوڵەتی بەریتانیا بە دروستکردنی بەڵگەنامەی ساختە بۆ ناردنەوەی پەنابەران و دانی بە ئۆرگانە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان لەوانە کۆمسیۆنی ئەوروپای یەکگرتوو کارێکی نایاسایی ئەنجامداوە.

5- ژمارەیەک لەو پەنابەرانە خێزانیان لە بەریتانیایەو ناردنەوەو دابڕینیان لە خێزانەکانیان کارێکی نایاساییە، وە لەنێردراوەکان تیایاندایە کە ڕۆژی 9/6 مەوعیدی نەشتەرگەری هەبووە بەڵام ڕۆژێک پێشتر 9/5 دیپۆرتکراوەتەوە.

6- ئەو پەنابەرانەی لە کاتی گێڕانەوەدا بە فڕۆکەی سەربازی نێردراونەتەوە کەلەبچە کراون و لێدان و سوکایەتیان بەرامبەر کراوە. ئەمەش دژی بنەماکانی مافی مرۆڤی ئەوروپا و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

7- هێنانەوەی بورهان نامق کە تووشی نەخۆشی دڵ بووە و خەریکە دەمرێت.

ئەمانە بەڕۆشنی نیشانی دەدەن کە دەوڵەتی بەریتانیا و وەزارەتی کۆچ پەیڕەوی سیاسەتێکی دژی پەنابەری و دژی مافەسەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکەن. ئێمە لە فیدراسیۆنی پەنابەران هەوڵ و خەباتی هەمەلایەنەمان درێژە پێدەدەین تا مافەکانی پەنابەران بەرەسمی بناسرێن و ڕێزیان لێبگیرێت. داواکانی پەنابەران داوایەکی ڕەواو ئینسانین و بە هیچ جۆرێک لە ئاستی پێشێلکردنیاندا بێدەنگ نابین.

* لەگەڵ ئەم نامەیەدا وێنەیەک لە شکاتنامەی ئەوپەنابەرانە هاوپێچ دەکەین.

وێنەیەک بۆ:
ئەمنستی ئینتەرناسیوناڵ
کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا
کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران UNHCR

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی
2006/10/9

بۆ زانياري زياتر لةكوردستان ثةيوةندي بكةن بةريبوار عارف بة ذمارةي(009647702142843 )
لةدةرةوة:

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** www.csdiraq.com **Dashty J amal :Mobile: 07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk **mobile**: 07877489626 **or** 07866757213 **Office**: 0161 234 2784